دەستگیرکردنی باندێکی لەشفرۆشی لەسلێمانی



ئەمڕۆ پێنجشەممە، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی باندێکی پێنج کەسیان بە تۆمەتی لەشفرۆشی راگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاویکردەوە، لە چالاکییەکی هاوبەشی ئاسایشی سلێمانی و بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان و پۆلیسی رۆژئاوا و بنکەی پۆلیسی ئەزمەڕ، بەسەرپەرشتی راستەوخۆی دادوەری لێکۆڵینەوە و بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، شەوی رابردوو پێنج کەسیان بە تۆمەتی لەشفرۆشی دەستگیر کردووە.

وتیشی، ئەو پێنج کەسە لەسەر بنەمای ماددەی ٤ لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٨٨ دەستگیرکراون.

باسی لەوەشکرد، چوار کەسیان بە نەتەوە عەرەبن و لە رەگەزی مێن، یەکێکیان بە نەتەوە کوردە و لە رەگەزی نێرە.

□

□ئاماژ□ی ب□و□شکرد، دوای ئ□و□ی ل□ک□□ین□و□ ل□ک□یس□ک□دا ئ□نجامدرا و دانپ□دانانی ت□م□تباران ج□گیرکرا، س□رج□میان ب□ب□یاری دادو□ری ل□ک□□ین□و□ راگیراون.